وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێم دەستی بە پێدانی ئامێری کشتوکاڵی بە جوتیاران کرد

وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان دەستی بە پێدانی ئامێری کشتوکاڵی بە جوتیاران کرد و دوو تراکتەری بە دوو جوتیار بەخشی.

ڕۆژی پێنجشەممە (12ـی تشرینی یەکەمی 2023) بەگەرد تاڵەبانی، وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە کۆنگرێیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: "ئامێری پشکۆوتووی کشتوکاڵی بە قیستی درێژخایەن دەدرێتە جوتیارانی هەرێمی کوردستان کە تراکتەریشی تێدایە".

لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەشدا وەکو دەستپێکی پڕۆژەکە، دوو تراکتەری نوێ درایە دوو جوتیار.

شایەنی باسە، کە حکومەتی کاربەدەستی هەرێمی کوردستان لە ڕۆگەی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوەوە، پلانی بەهێزترکردنی کەرتی کشتوکاڵی جێبەجێ کردووە و بەردەوامییش بەو پێیە دەدات، لەم ڕووەوە پشتیوانیکردنی جوتیاران بە یەکێک لە پشمەرجەکانی ئەو پلانە دەزانێت، ئەمەش بەپێی ڕاگەیەندراوەکی فەرمانگەی میدیای حکومەتی هەرێمی کوردستان.